# خوێندنەوەیەک بۆ ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر لە ڕوانگەی بنەماکانی مافی مرۆڤ و دەستوور!

**ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە ژێر چەتری دەسەڵاتەکەی لە دەرکردنی یاسا، زۆرجار یاسای وەهای دەرکردووە کە تەواو پێچەوانەی بنەماکانی مافی مرۆڤ و پێکەوەژیان و یەکتر قبووڵکردن بووە**

ناکرێ وا هەژمار بکرێ کە ڕووداوەکانی ئەو چەند ڕۆژەی ڕابردوو تەنیا بریتی بووە لەو ڕۆژەی کە هات و ڕۆیشت، چونکە بە دڵنیاییەوە ئەگەر کەمێك نەگەڕێینەوە دواوە، ناتوانین دیوی ڕاستی ئەو ڕووداوانەش وەك خۆی ببینین. بۆیە کە هەر بابەت و پێشهاتێك دێتە پێش، ئیتر هەر چین و توێژێك بە گوێرەی پسپۆڕی و شارەزایی خۆی لێکدانەوەو شیکردنەوەی بۆ دەکات. ئەوەی من مەبەستمە چاوخشاندنێکە بە ڕووداوەکان لە ڕەهەندی بنەماکانی مافی مرۆڤ و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان و دەستووری ناوخۆیی. ئەوەش لەو سۆنگەیەوەیە کە مادەم خوێن ڕژاوەو هاووڵاتی کوژراوەو دەست براوە بۆ موڵك و ماڵی گشتی و خەڵك ئاوارەو دەربەدەر بووە، ئەوە واتە هەموو ڕوکنەکانی شەڕو جەنگی لەخۆی گرتووە، بۆیەش هەمیشە لە جەنگ و شەڕەکان زۆرترین پێشێلکاری ئەنجام دەدرێت، ئەوە بەتایبەت کە جەنگ و شەڕەکە ناوخۆیی بێت، ئەوا زۆر خراپترە.

دەوڵەتی عێراق لە ڕۆژی دروستبوونیەوە لە ئاداری ساڵی ١٩٢١ تا ئەمڕۆ نەبۆتە ئەو دەوڵەتەی کە توانیبێتی بۆ هەموو هاووڵاتیانی بێت بێ جیاوازیی ئایینی و نەتەوەیی و زمان و جیاوازییەکانی تر، چونکە لەبنەڕەتدا ئەو دەوڵەتە لە خەڵك و جوگرافیای جیاوازە و بە زۆرەملێ بە یەکەوە لکێنراوەو ئارەزوومەندانە نەبووە، بەڵکو بە گوێرەی بەرژەوەندیی زلهێزانی ئەو سەردەمە بووە، بۆیە تا ئەمڕۆش ئەوەی هاتبێتە سەر تەختی حوکم لەو دەوڵەتە هەر ماوەیەك وا خۆی پیشانداوە کە بە دەستوور و یاسا مامەڵە دەکات و جیاوازییەکان قبوڵ دەکات، بەڵام کە شوێن دەستی خۆی گرتووەو هەستی بە بوونی دەسەڵات و هێز کردووە، ئیتر هەریەکەو بە جۆرێك دەستی کردووە بە پاکتاوکردنی هاووڵاتیان و نەیارانی، حکومەتی تازەی عێراقیش دوای ڕووخانی ڕژێمی ڕابردوو لە ساڵی ٢٠٠٣ و دانانی دەستوورێکی هەمیشەیی لە ٢٠٠٥ ساڵ لەدوای ساڵ و دوای جێ پێی خۆی لە دەسەڵات قایمکرد، ئاماژەکانی پێشێلکردنی زۆر لە ماددەکانی دەستوور و بنەماکانی مافی مرۆڤ ڕۆژ دوای ڕۆژ زیاتر دەردەکەون. بەتایبەتی ئەنجامنەدان و چارەسەرنەکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوور کە کێشەیەکی سەرەکییەو هۆکارێکە لەو کێشانەی ئەمڕۆ ڕووبەڕووی ناوچە جێ ناکۆکەکان بۆتەوەو بەو ماددەیە زۆر شت چارەسەر دەکرا. هەروەها پێشێلکردنی ئەو ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییانەی کە عێراق واژووی کردووەو تەنانەت تا ئاستی ئەوەی کە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەژێر چەتری دەسەڵاتەکەی لە دەرکردنی یاسا، زۆرجار یاسای وەهای دەرکردووە کە تەواو پێچەوانەی بنەماکانی مافی مرۆڤ و پێکەوەژیان و یەکتر قبووڵکردن بووە، ڕەنگە سادەترین نموونە بریتی بێت لە دەرکردنی یاسای کارتی نیشتمانی کە پێچەوانەی هەموو یاساو عورفەکانە و دژی ڕێککەوتننامەی پاراستنی مافی منداڵانە کە عێراق واژووی لەسەر کردووە.

بۆیە ئەوەی ئەمڕۆ لەسەر ئەرزی واقیع ڕوودەدات، هیچ نامۆ نییە بە مێژووی حوکمدارانی ڕابردووی عێراق لە پێشێلکردنی مافی هاووڵاتیان و بەکارهێنانی سوپا لە دژی میللەت و نەتەوە و تائیفە جیاوازەکان کە هەر جارەو لە ژێر ناوێك و بیانوویەك ئەنجام دراوە.

ئەوەی ئەمجارەش لە ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەری شاری کەرکووك و دووز خورماتووو و ناوچە جێ ناکۆکەکانی دیکە ڕوویدا، درێژکراوەی ئەو ئەقڵییەتە بوو کە پێشتر زۆرجار دەسەڵاتدارانی بەغدا قسەیان لەسەر کردبوو، تەنانەت زۆر بێباکانە هەڕەشەیان کردبوو تا ئاستی بەکارهێنانی هێزی سەربازی، بێ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە ئەو میللەت و خەڵکەی ئەوان



**زیا پەترۆس***
**سەرۆکی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ**

بۆ گوڵانی نووسیوە

هەڕەشەی لێ دەکەن، میللەتی ئەو دەوڵەتەن و قسەو کردەوەکانیشیان تەواو پێچەوانەی دەستوور بووە، لەو رووداوانە زەقترین پێشێلکاری کە کراوە تا ئاستی هێڵی سوور بریتی بوون لە:

یەکەم: بەکارهێنانی سوپای نیشتمانی لە کێشەو ناکۆکی ناوخۆ کە لە دەستووری ناوخۆ و لە رێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانیش رێگە پێدراو نییەو قەدەغە کراوە و نابێت سوپا ببێتە بەشێك لە یەکلاکردنەوەی کێشە ناوخۆییەکان و هاوولاتی مەدەنی بکوژێت.

دووەم: بەکارهێنانی هێزی تر لە دەرەوەی هێزی سوپای فەرمی لەژێر هەر ناوێك بێت، تەواو پێچەوانەی دەستوور و یاساکانە وەك هێزەکانی حەشدی شەعبی، چونکە ئەو هێزانە نیشتمانی نین و لەسەر بنەمای تائیفی دروست کراون و بۆ حاڵەتێکی دیاریکراو بوو کە کاتێك داعش هات و بووە مەترسی لەسەر وڵات و دوای تەواوبوونی مەترسیی داعش پێویستە هەڵبوەشێتەوە و بگەڕێتەوە ژێر رکێفی هێزی نیشتمانی عێراقی، چونکە مەترسیی ئەنجامدانی پاکتاوی نەتەوەیی و ئایینی لێ دەکرێت بەرامبەر خەڵکانی دیکە کە وەك ئەوان بیرناکەونەوە، تاوانەکانیشیان دەچێتە چوارچێوەی پاکتاوی نەژادی.

سێیەم: کوشتن و ئەشکەنجەدان و سزادانی دیل و هاوولاتی مەدەنی کە لەو شەڕ و رووداوانە هەمووی بەکارهات و بینرا کە تەواو پێچەوانەی دەستوورو بنەماکانی مافی مرۆڤ و جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ و یاساکانی جەنگیشە. بۆیە بە تاوانی جەنگ هەژمار دەکرێن.

چوارەم: تالانکردن و سووتان و هەڵکوتانە سەر ماڵ و موڵکی گشتی بەهەر بیانوویەك بێت، ئەوە تەواو پێچەوانەی دەستوورو یاساو عورف و پرەنسیپە گشتییەکانی مافی مرۆڤە کە بە ئاشکرا لەو رووداوانە تەنیا لە دووزخورماتو نزیکەی ١٥٠ ماڵ و موڵکی گشتی سووتێنران و دزران.

پێنجەم: بەر تەسك کردنەوەی ئازادییەکان و جیاوازییەکان، ئەوەی روویدا و بە ئاشکرا بینرا لە شاری کەرکووك ئەوە بوو کە لە یەکەم شەوەکانی رووداوەکان ئەو هێزانە چوونەتە سەر دووکانی مەی فرۆشتن و یانەکانی شەوانیان داخستووەو هەڕەشەیان لە خاوەنەکانیان کردووە، ئەمەش تەواو پێچەوانەی بڕگەو ماددەکانی ئازادییە.

شەشەم: ئاوارەبوونی هاوولاتیی مەدەنی کە بەشێك نەبووە لە کێشەو ململانێکان، کەچی وەك ئاماری سەرەتایی رۆژانی رووداوەکان تا ئەمڕۆ نزیکەی ١٥٠ هەزار هاوولاتی ئاوارەبوون کە لە ژیانێکی سەخت و خراپ بەسەر دەبەن و تەنانەت لەهەندێ شوێنی دووز خورماتوو تا ئەمڕۆش هەندێك لەو خەڵکە هاوکاری و یارمەتی پێ نەگەیشتووە.

حەوتەم: بێدەنگیی رێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و نوێنەری وڵاتان کە ئەوەش بووە جێگەی تێڕامان و هەڵوەستەکردن کە بە بەرچاوی ئەوان ئەو رووداوانە گوزەریان کردو هیچ هەڵوێستیان نەبوو کە دەوترێت زۆرجار بێدەنگی بەشێکە لە رەزامەندی .

هەشتەم: پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان لیژنەیەکی تایبەت دروست بکات بۆ بە دۆکیۆمێنت کردنی تاوانەکانی حەشدی شەعبی لەسەرجەم ناوچەکان بە هەماهەنگی لایەنە پەیوەندیدارەکانی ئەو ناوچانە، بۆ ئەوەی لە داهاتوو بە پرۆژەیەك پێشکەشی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بکرێت، بەمەبەستی قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووان و حەرامکردن و ئیدانەکردنی شەڕی هێزو لایەنە ناوخۆییەکان و سزادانی تاوانباران.

**ئەوەی ئەمڕۆ لە سەر ئەرزی واقیع روودەدات، هیچ نامۆ نییە بە مێژووی حوکمدارانی رابردووی عێراق لە پێشێلکردنی مافی هاوولاتیان و بەکارهێنانی سوپا لە دژی میللەت و نەتەوە و تائیفە جیاوازەکان کە هەر جارەو لەژێر ناوێک و بیانوویەک ئەنجام دراوە**

# هاووڵاتیانی ناوچە دابڕێنراوەکانی کوردستان بانگەشەی یەکڕیزی و بەرخۆدان دەکەن

به پێی دیکۆمێنته مێژوویی و جوگرافیاییەکان کەرکوك و ناوچە دابڕێنراوەکانی کوردستان بەشێکی حاشاهەڵنەگری خاکی باشووری کوردستان پێکدەهێنن، بەڵام ڕۆژی ١٦-١٠-٢٠١٧ میلیشیاکانی حەشدی شەعبی و هێزە شاراوەکانی ئێران بە پێی ڕێککەوتنێک و بە بێ شەڕ دەستیان بەسەر ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستاندا گرت. ئەو پێشێلکارییە دەستوورییە لەژێر پەردەی هیچ پاساوێکی سیاسیدا داناشاردرێت، هاووڵاتییانی کوردستانیش کە ژمارەیەکیان لەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان سەبارەت بە هەمان پرس بەشدارییان کردووە، جەخت لەوە دەکەنەوە کە هیچ حزب و سەرکردەیەکی سیاسی و سەربازی مافی ئەوەی نییە دەست هەڵبگرێت لەو ناوچانە و بە ئارەزووی خۆی پێشکەشی سوپای داگیرکەری بکات.



گوڵان: کۆمەڵایەتی

سەرەتا مەهدی زریان وەک چاودێرێکی سیاسی لە کەرکووك، ئاماژە بەوە دەکات کە «کەرکووك بەپێی هەڵکەوتەی جوگرافی و دەوڵەمەندیی خاکەکەی و بوونی کۆمەڵێ نەتەوە و ئایین و مەزهەبی جیاواز بە درێژایی مێژوو لە کێشەو گرفتدا بووەو بەردەوام سەنتەری یەکلاکردنەوەی ململانێکان بووەو گرەوەکان لەسەر کەوڵی ئەو شارە کراوە، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی بەردەوام دانیشتووانەکەی باجەکەی بە قورسی بدەنەوە و پاش رژانی خوێن و بەتاڵانی بردنی سەروماڵیان، لە ئەنجامدا لە دەربەدەری و ماڵوێرانیدا بژین، ئەوەی لە ئێستاشدا روویداوە، درێژکراوەی هەمان عەقڵییەت و ململانێی پێشووتر بوو.» سەبارەت بەوەش کە ئێستا کەرکووکیان دەبێت چی بکەن و چارەنووسیان چۆن دەبێت؟ گوتی: «ئەوە پرسیارێکە دەبێت ئاراستەی حکومەتی کوردستان و سەرجەم لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان بکرێت، بەرلەوەی ئاراستەی هاووڵاتییەکی کەرکووکی بکرێت، بەڵام من وەکو کەرکووکییەك پێموایە ئیدی کێشەکان قورستر و ناکۆکییەکان قووڵتر دەبنەوە، چونکە لەپاش دەربەدەربوونی دانیشتووانەکەی تاڵان رووی داوە و ماڵ سووتاوە و لەپاڵ ئەو رووداوە خەڵکانێك کوژراون و کۆمەڵێ حیساباتی سیاسی کراوە، وەکو گۆڕینی چەندین کەس و پەراوێزخستنیان لەپۆستە ئیدارییەکانی شارەکە و داخستنی بارەگا حزبییەکانی کورد و ئەکتیڤکردنی چەندین بارەگای لە بەرانبەریاندا و پیشاندانی چەندین دیاردەی نەشیاو کە جگە لە هەستکردن بە داگیرکارییەکی زەلیلانە و پەراوێزخستنی کورد، هیچیتر ناگەیێنێت.»

دانا مەحموود پێشمەرگەیەکی خەڵکی شاری کەرکووکە و ئێستا خێزانەکەی ئەویش وەک دەیان هەزار خێزانی کەرکووکی ئاوارە بوون و بە ناچاری ماڵ و زێدی خۆیان بەجێ هێشتووە. ئەو پێداگری لە سەر ئەوە دەکات کە «پێشمەرگە و بنەماڵەی پێشمەرگە ئامادەن بۆ هەموو قوربانیدانێک بۆ ئەوەی شەرمەزاری خوێنی شەهیدان نەبن.» سەبارەت بە کەرکووکییەکانیش گوتی: «کەرکووکییەکان وەك دەیانجاری تر پەلامار دران و لێیان کوژرا و ئاوارە کرانەوە، بەڵام ئەمجارەیان برینەکەی زۆر قووڵە، هیچ کەسیش وەك سەرۆك بارزانی هەست بە ئێش و ئازارەکەی ناکات، بەڵام ئەگەر تا ئەم کاتەش کەرکووك و کەرکووکییەکان بێ خاوەن بووبێتن، ئیدی کەرکووك بێ خاوەن نابێت، ئێستا سەرۆك بارزانی کەرکووکییەو دڵنیام ناهێڵێت ئەم قومارەی بە ئێمەیان کرد، بۆیان بچێتەسەر و بەسەر قومارچییەکاندا قەڵپ دەکرێتەوە، بێگومان خەڵکی کەرکووك بە سەربەرزی دەگەڕێنەوە بۆ شارەکەیان، ئێمە خاك دەخۆین لە برسان، بەڵام نایفرۆشین لە ترسان، ئەگەر سەر و لق و پەلەکانیشمان لێ بکەنەوە، دووبارە شین دەبینەوە، با چاوەڕێ بن. سڵاو لە قارەمانی و وورەی بەقەد چیا بڵندی پیشمەرگە کە پارێزەرێکی خۆنەویست و چاونەترسە و سەرۆکێکی متمانەپێکراوی هەیە.»

گوتیشی: «خەباتی گەلێکی زوڵم لێکراو و فیداکار کە رووبارێ خوێنی شەهید و فرمێسکی نەبڕاوەی دایکی شەهیدانی لە پێناو کوردستانێکی ئازادو سەربەخۆ بووە .»

رووزار ئەحمەد مامۆستای ئامادەیی لە داقوق، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «بەردەوام کەرکووك خاڵی ناکۆك و وەرچەرخانی چارەنووسی گەلی کوردستان بووە، بە درێژایی مێژوو ئەم شارە وەرەقەی فشاری دۆژمنان بووە لەسەر پێگەی خەونی دەوڵەتی کوردی، ئەمە سەرەڕای ئەو هەموو نەهامەتییەی بەسەر کوردا بەگشتی و خەڵکی ئەمشارە بەتایبەتی هاتووە، چارەنووسی ئەم شارە تاوەکو دێ ئاڵۆزتر و کێشەکانی قووڵترو دوژمنەکانیشی ستەمکارتر دەبن. بۆیە دەبوایە سیاسەتمەداران وردبینانەتر لە دۆخی کەرکووکیان بڕوانایەو بە هێزێکی تۆکمەو یەکدەنگ و یەکڕەنگ لە دانوساندنەکانی بەغدا بەشدارییان بکردایە، چونکە دوژمنان تەنیا لەو خاڵەوە پێگەی کوردو کەرکووکییەکانیان لاواز کردووەو خەونی دەوڵەتی کوردیان زڕاندووە، بەڵگەیش بۆ ئەم باسە هاتنی سوپای عێراق و حەشدی شەعبییە بە شاباشی لایەنێکی کوردی بێ ئەوەی ئاوڕ لەو نەهامەتییە ماددی و مەعنەوییە بدەنەوە کە لە هەموو قۆناغەکاندا خەونەکەمانی لەبار بردووە و کورد وردە وردە شەهامەت و کەرامەتی لە دەست داوەو جارێکی تر گەڕاوەتەوە بۆ خاڵی سفر و دوژمنیش بە ئارەزووی خۆی شەرت و مەرجی بەسەردا سەپاندووە، ئێستایش ئەگەر لە دۆخی کەرکووك بڕوانین، دەبینین کەوتۆتە نێوان چەکوشی بەغدای عێراقی و چەند کەسێکی لایەنێکی کوردی کەتا هەنووکە هیچ تروسکاییەکییان نەبینیوە لەو حوکمڕانییە و دەیانەوێ کەرکووک بگەڕێتەوە باوەشی عروبە و بەپێی ئەو مەرجانەا بگەڕێتەوە حیوار کە لە بەرژەوەندی عەرەبی هاوردە و بە زەرەر و زیانی کوردە داماوەکەی ئەو شارە بێت، دەبوایە سەرانی کورد ئێستا ئەو زەرەرو نەهامەتییانەی حکومەتەکانی پێشووش کە بە سەر کوردیان هێناوە، مەحفەل و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییان لێ بهێنابایێتە دەنگ و بەپێی یاساو دەستوورەکان قەرەبوو بکرێنەوەو کەرکووکیش لە رووی سامان و سرووشتەوە، بەپێی ئەندازە بدرێتە دانیشتووانی ئەم شارە .»

خەلیل پالانی بەرپرسی هەرێمی قەرەچووغی YNDK لە مەخموور، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «دیارە هەر لەدوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ ەوە ناوچەکانی وەك (کەرکووك و مەخموور و خانەقین و شنگال و ..تاد) لەژێر ستەمی دەسەڵاتی بەعسی رووخاودا مانەوەو ئەم رژێمە بەئاگر و ئاسن مامەڵەی دژواری بەرامبەر خەڵکی ئەو ناوچانە کردووە، لەژێر پلانی تەعریب و تەبعیس لە وەدەرنانی خەڵکەکەی درێغی نەکردووە. لەدوای رووخانی رژێمی سەدامیش نەهامەتییەکان بەرۆکی خەڵکی ئەو ناوچانەی بەرنەداوەو دواجار لە دەستوور بە ناوچەی کێشە لەسەر ناونران و ماددەیەکی دەستووری بۆ دانرا کە ماددەی ١٤٠ بوو، بۆ ئەوەی لەسەرەتا خەڵکە

**به وره‌ی پۆڵایینی پێشمەرگە قارەمانەکانمان و سیاسەتی ژیرانەی سەرکردایەتی کورد ئەم دۆخە کاتییە تێپەڕ دەکەین، ئەوەش دووپات و چەند بارە دەکەینەوە کە هەتا کوردێک مابێ، کەرکووک تەنیا نییە و هەر کوردستانییە و کوردستانیش دەمێنێتەوە**

**ئەگەر لە دۆخی کەرکووک بڕوانین، دەبینین کەوتۆتە نێوان چەکوشی بەغدای عێراقی و چەن کەسێکی لایەنێکی کوردی کەتا هەنووکە هیچ تروسکاییەکییان نەبینیوە لەو حوکمڕانییە و دەیانەوێ کەرکووک بگەڕێتەوە باوەشی عروبە و بەپێی ئەو مەرجانەا بگەڕێتەوە حیوار کە لە بەرژەوەندی عەرەبی هاوردە و بە زەرەر و زیانی کوردە داماوەکەی ئەو شارە بێت**



هاوردەکان لەو ناوچانە بگەڕێنرێنەوە شوێنی خۆیان و قەرەبوو بکرێنەوە، دواتر ریفراندۆم لەو ناوچانە بکرێت بۆ ئەوەی لەو رێگەیەوە خەڵکەکەی بۆ مانەوە لەسەر ئیدارەی عێراق، یان گواستنەوەی ئیدارەکەیان بۆ سەر ئیدارەی هەرێم بڕیاری لەسەر بدەن، بەڵام دیارە مەبەستی هەموو حکومەتە یەك لەدوا یەکەکانی عێراق رێککەوتنیان لەگەڵ کورد تەنیا لەکاتی لاوازییان بووەو هەر کاتێك بەهێز بوون، کەوتوونەتەوە وێزەی کوردو هێرشکردن بۆ سەر کورد، بۆیە هەروەك بینیمان حکومەتی عێراق دواتر مادەی ١٤٠یان بە مادووەیەکی مردوو هەژمار کردو ئامادە نەبوون قۆناغەکانی جێبەجێ بکەن. تادواتر و هاتنی رێکخراوی تیرۆریستی داعش دیسانەوە هەر ئاو ناوچانە کەوتنەوە ژێر هێرشی ئەو رێکخراوە تیرۆریستییە و هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان توانییان ناوچەکان لە ژێر دەستیان دەربهێنن و پارێزگارییان لێ بکەن. دوای نەمانی داعش دیسان رژێمی عێراق بەسوپای عێراق و حەشدی شەعبی بەهاوکاری سوپای پاسداران و پشتگیری تورکیا و لە بێدەنگی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، توانییان هێرشێکی دڕندانە بکەنەوە سەر ئەو ناوچانەو جارێکی تر داگیریان بکەنەوەو نزیکەی ١٥٠هەزا کەس ئاوارەی شارەکانی هەرێم بکەن و زیاتر لە ٤٠٠ هاووڵاتی سڤیل و پێشمەرگە شەهید بکەن و تا کار گەیشتە ئەوەی دەستدرێژی بکەنە سەر کچان و ژنانی کورد.» گوتیشی: «ئێمە لە هەرێمی قەرەچووغی YNDK داوا لەکۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و زلهێزانی جیهان دەکەین هەرچی زووە بەهانای ئەو خەڵکەوە بێن و بێدەنگ نەبن لەو کارە دڕندانەی حکومەتی عێراق دەرهەق بە ناوچە دابڕێندراوەکان ئەنجامی دەدات و لەهەمان کات هەریەك لەبەغداو هەولێر لە رێگەی دیالۆگەوە کێشەکان چارەسەر بکەن و زەمینە خۆش بکرێ بۆ گەڕانەوەی خەڵك بۆ سەر زێدی خۆیان .»

پەیمان تەها کارگێڕی رێکخراوی ناوچەی فەرمانبەران_لقی ٣، سەرەتا جەخت لەوە دەکاتەوە کە «ژیان و گوزەرانی خەڵکی ناوچە دابڕێندراوەکان لە رابردوو و لە ئێستاشدا کولەمەرگی بووە و ژیانێکە هەمیشە لەگەڵ کوشتن و راوەدوونان و بە تاڵان بردن و داگیرکردندا لە رووبەڕووبوونەوەدا بووە.» گوتیشی: «ئەگەر کورد بە گشتی زوڵم لێکراو و مافخوراو بن، ئێمەی دانیشتووانی ناوچە کێشە لەسەرەکان دووجار زوڵممان لێکراوە، چونکە لەوەتەی هەین بەهۆی ناسنامەی کوردبوونمان هەڕەشە لەسەر خاك و گیان و ماڵمان هەبووە و هەیە، بەردەوام دەربەدەر و ئاوارە دەبین، ماڵەکانمان داگیر دەکرێ، یاخود دەسووتێنرێت، بەڵام ئێمەی کەرکووکی دۆخی زۆر لەوە خراپترمان تێپەڕاند و کۆڵمان نەدا و کەرکووکمان بە تەنیا جێنەهێشت ئێستاش بە وەرەی پۆڵایینی پێشمەرگە قارەمانەکانمان و سیاسەتی ژیرانەی سەرکردایەتی کورد ئەم دۆخە کاتییە تێپەڕ دەکەین، ئەوەش دووپات و چەند بارە دەکەینەوە کە هەتا کوردێك مابێ، کەرکووك تەنیا نییە و هەر کوردستانییە و کوردستانیش دەمێنێتەوە.»

ئەوەی ئەمڕۆ لە کەرکووك و تەواوی ناوچە کوردستانییە کێشە لەسەرەکان دەگوزەرێ جینۆسایدێکی دیگەی گەلی کوردە، گەلەکۆمەیەکی نێودەوڵەتی بوو ئەو دۆخەی خولقاند و جارێکی دیکە کوردی لەوە ئاگادار کردەوە کە تەنیا شاخەکانی کوردستان دۆستی کوردن و کورد هاوپەیمان و پشتگیریکاری نییە و تەنیا بە یەکڕیزی و یەکدەنگی دەگەنە مافە زەوتکراوەکانیان.

کەرکووك و پێگە گرنگەکەی لەخەباتی کوردایەتیدا هەمیشە بریتی بوە لە دروشمی مەرکەزی سەرکردایەتی سیاسی کورد و مەرجی پێشوەختی کورد لە گفتوگۆکاندا و هەمیشەش خاڵی جێناکۆکی دەسەڵاتدارانی رژێمە یەك لەدوا یەکەکانی بەغدا و کورد بووە و سەرجەمی شۆڕش و خەباتی کوردایەتی لەباشووردا هەمیشە لەسەر ئایندە و چارەنوسی کەرکووك نەگەیشتونەتە ئەنجام و نە رژێمەکانی بەغداد وازیان لە کەرکووك هێناوە و نە کوردیش دەستی لە کوردستانیبونی کەرکوك هەڵگرتووە، لەو پێناوەشدا تاکو ئێستاش رووباری خوێن و فرمێسك بۆ کەرکووك دەبەخشێت.»

**خەڵکی کەرکووک بە سەربەرزی دەگەڕێنەوە بۆ شارەکەیان، ئێمە خاک دەخۆین لە برسان، بەڵام نایفرۆشین لە ترسان، ئەگەر سەر و لق و پەلەکانیشمان لێ بکەنەوە، دووبارە شین دەبینەوە، با چاوەڕێ بن**

**ئەگەر تا ئەم کاتەش کەرکووک و کەرکووکییەکان بێ خاوەن بووبێتن، ئیدی کەرکووک بێ خاوەن نابێت، ئێستا سەرۆک بارزانی کەرکووکییەو دڵنیام ناهێڵێت ئەم قومارەی بە ئێمەیان کرد، بۆیان بچێتەسەر و بەسەر قومارچییەکاندا قەڵپ دەکرێتەوە**

**کێشەکان قورستر و ناکۆکییەکان قووڵتر دەبنەوە، چونکە لەپاش دەربەدەربوونی دانیشتووانەکەی تاڵان رووی داوە و ماڵ سووتاوە و لەپاڵ ئەو رووداوە خەڵکانێک کوژراون و کۆمەڵێ حیساباتی سیاسی کراوە،**




# ئافرەتانی کوردستان گەلەکۆمەکێ و هێرشی هاوبەشی عێراق و ئێران بۆ سەر وڵاتەکەیان ئیدانە دەکەن

داگیرکردنەوەی کەرکووک و ناوچەکوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان لەلایەن میلیشیاکانی حەشدی شەعبی بە هاوکاریی کۆماری ئیسلامیی ئێران، سەرلەبەری کوردستانییانی تووشی شۆک کرد. هەموو ناوچە ئازادکراوەکان کە زیاتر لە (٥٠٠٠) پێشمەرگەی وڵاتپارێز گیانی خۆیان لە سەر دانا و بە خوێن لەژێر دەستی تیرۆریستانی داعش رزگاریان کرد، لە پەلامارێکی نارەوا و نایاسایی بە گەلەکۆمەکێ و هێرشی هاوبەشی میلیشیاکانی عێراق و ئێران داگیرکرانەوە، بەوەشە نەوەستان و هەولێری پایتەختیشیان کردە ئامانج، بەڵام هێزەکانی پێشمەرگە لە نەبەردێکی قارەمانانە بەریان بەو داگیرکارییە گرت و نەیانهێشت ئەو هێڵی سوورە ببەزێندرێ. ئەگەرچی ئەو کارەساتە هەموو کوردستانییانی هەژاند، بەڵام خانمانی کوردستانیش وەک هەموو کوردستانییەک خوێندنەوەی خۆیان بۆ دۆخەکە هەیە و لە مینبەری گۆڤاری گوڵان ــەوە پەیامی خۆیان بۆ رای گشتی دەخەنەڕوو.



تاڤگە عومەر :

**لە ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەریش کە جەنگێک بوو، هەزاران خەڵکی سڤیل بە ئافرەت و منداڵانەوە بوونە قوربانی و ئاوارە و دەربەدەر بوون و دەیان ئافرەت لەلایەن هێزەکانی حەشدی شەعبی دەستدرێژی کراوەتە سەریان**



حەیات مەجید :

**ئافرەتان لە دۆخە جیاوازەکانی وڵاتدا بەپێی زەروورەتی کات و دۆخەکە لە شەڕ و ئاشتیدا، لە پرسی چارەنووسسازدا، لە بەرپرسیارێتی و حوکمڕانیی وڵاتدا، لە ڕێکخراوەکان ڕۆڵیان بینیوە**

سەرەتا تاڤگە عومەر ڕەشید بەڕێوەبەری گشتی یاسایی پاراستنی مافیً مرۆڤ، بەمجۆرە پەیامی خۆی سەبارەت دۆخی ئێستای کوردستان دەردەبڕێت: «بێگومان لە کاتی هەر شەڕو ململانێیەکی نێوخۆیی، یان نێودەوڵەتی کۆمەڵێك مەترسی هەڕەشە لەسەر هاونیشتمانی و دانیشتووانی ناوچەکانی شەڕەکە دروست دەکات کە چەندین کاریگەری خراپی سایکۆلۆجی و فیزیولۆجی لەسەر مرۆڤ جیً دەهێڵێت، هەروەها کۆمەڵێك ڕەوشی نەخوازراو و ماڵوێرانی بەدوای خۆیدا دەهێنێت، ئەوەش کە تێبینی کراوە لە سەرجەم شەڕوپێکدانەکاندا ئافرەتان و منداڵان دەچنە بازنەی لاوازی و زۆرترین کێشەو گرفت ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، چونکە شەڕ تەنیا شەڕی سەربازی و پێکدادانی سەربازی نییە، بەڵکو شەڕی سایکۆلۆجیەت و ئابووری و کۆمەڵایەتیشە، لە هەمان کاتیشدا هەموو جار ئافرەت لە شەڕو پێکدادانەکان ڕووبەڕووی چەندەها کرداری وەحشیگەرییانە دەبێتەوە وەک: ئەشکەنجەدان، ئازار و دەستدرێژی و جۆرەها کرداری نامرۆڤانە. بەداخەوە ئەم دیاردەیەش بە گەڕانەوەی بۆ مێژوو دەبینین لە هەموو جەنگەکاندا ئافرەت ڕووبەڕووی ئەم جۆرە دەستدرێژییانە بۆتەوە، تا ئەم جەنگانەش کە ئەمڕۆ لە ئارادایە. هەڵبەتە لە ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەریش کە جەنگێك بوو، هەزاران خەڵکی سڤیل بە ئافرەت و منداڵانەوە بوونە قوربانی و ئاوارە و دەربەدەر بوون و دەیان ئافرەت لەلایەن هێزەکانی حەشدی شەعبی دەستدرێژی کراوەتە سەریان، کۆمەڵێك یاسا و پرۆتۆکۆڵی نێودەوڵەتی ئەم کردارانە بە تاوانی جەنگ هەژمار دەکات، بەڵام تا ئێستا سنوورێك بۆ ئەم تاوانانە دانەنراوە، ئەمەش جارێکی دی ئافرەتان دەخاتەوە مەترسی و بە هۆی تێکچوونی باری دەروونی و سایکۆلۆجیی ئافرەتان دەبێت وەك قوربانیی جەنگ مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت و هەوڵ بدرێت شیاندنەوەی بۆ ناو کۆمەڵگە بۆ بکرێت، ئەمەش ئەرکی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دەزگا نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانە، بۆیە پەیامی ئافرەتان هەمیشە دژی شەڕ و ململانیً بووە، ئێستاش داوای گەڕانەوە بۆ دیالۆگ و چارەسەرکردنی کێشەکان بە گوێرەی بنەما دەستورییەکان و ئەو ڕێککەوتنانە دەکەین کە پێشتر واژوو کراوە و داوای پابەندبوون بە هەموو ئەو ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییانە دەکەین کە دەوڵەتی عێراق پەسند و واژووی کردووە، بەتایبەتی ڕێککەوتننامەی سیداو هەروەها بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی (١٣٢٥) کە جەخت لە پاراستنی ئافرەتان دەکاتەوە لە کاتی شەڕ و ململانێدا، لە هەمان کاتدا عێراق پابەندە بە ناوەڕۆکی ئەم بڕیارە، چونکە جیا لەوەی پێشێلکاری زۆر لەسەر بنەما دەستوورییەکان ڕوویداوە، عێراق لێپرساوێتی نێودەوڵەتی دەکەوێتە سەر شانی بەرامبەر ئەو تاوانەی کە بەتایبەت دژ بە ئافرەتان و منداڵان ئەنجام دراون. بۆیە ئافرەتان بە جیاوازی ئایدیا و ئایینەوە هەموویان هەڵگری پەیامی ئاشتین و داوای گەڕانەوە بۆ دیالۆگ دەکەن، چونکە جەنگ بەردەوام قوربانییەکانی ئافرەتان دوو هێندە دەکات.»

ئەڤین عومەر دەلو مامۆستای زانکۆ و پەرلەمانتاری خولی سێیەم، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «ئەم بارودۆخەی بە سەر کوردستاندا تێدەپەڕێت، چەند ناخۆش و ئازاربەخشە، ئەوەندەش هەستیار و پڕ مەسئولییەتە، چونکە کوردستان خەریکی بنیادنانی دەوڵەتەو ئەم هەموو نەهامەتی و ئازارانە بەردی بناغەی ئەم دەوڵەتەن و ئەرکی دانانی ئەم بناغەیەش لە سەر شانی هەموو کوردستانییەکە بە ئافرەت و پیاو پیر و گەنجەوە، جا لە هەولێر بن یان سلێمانی، لە زاخۆ بن یان دهۆک، لە سۆران بن یان لە ڕانییە، لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەریم بن، یان لە تاراوگە، هەریەکەو ڕۆڵێك و جۆرە ئەرکێکی لە سەرشانە، گرنگ ئەوەیە کەئیستا چۆن هەموو قۆڵی مەردایەتی و هیمەتی لیً هەڵکردووە، بەهەمان شێوە بەردەوام بن و کۆڵنەدەن و سارد نەبنەوە.» گوتیشی: «ڕاستە بارودۆخەکە ئاڵۆزە و کوردستان بە تەنیایە و شەڕی سیً وڵات دەکات و خەنجەری ژەهراوی خیانەتی ناوخۆیشی لە پشت دراوە، بەڵام دۆخەکە بەم شێوە نامێنێت و ڕووداوەکان زۆر بە خێرایی گۆڕانکاری بەسەردا دێت و هاوکێشەکە دەگۆڕێت و پشتگیری زیاتر بۆ کوردستان و سەرۆك بارزانی دێتەئاراوە. وا دەبینین ڕووسیا بەرژەوەندییەکانی خۆی زیاتر لەگەڵ کورد پتەوتر دەکات، ئیسرائیلیش بە ناسەقامگیریی کوردستان دوژمنانی زیاتر هەڕەشەکانیان جێگیر دەبێت، ئەمریکاش کە چەندها ساڵە خەریکی کۆنترۆڵکردنی عیراقە وا بەئاسانی نایدۆڕێنێت، هەر لە چەند ڕۆژی ڕابردوو ئیدارەی ئەمریکی بەیانێکی دەرکرد و لە دووتۆی




بەیانەکەیدا داوای کشانەوەی هێزە عیراقییەکان و ئارامی بۆ ناوچەکانی ماددەی ١٤٠ و داوای چارەسەری دەکات بە رێگای دەستوور، ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥ دەڵێت: دەبێت لە ناوچە کێشە لەسەرەکان راپرسی بکرێت، کوردستانییانیش لە ٢٥ی ئەیلوول و بە چاودێری چاودێرانی سیاسی ریفراندۆمیان ئەنجام داو وخەڵکی ئەو ناوچانەش دەنگیان بە بوونیان لەگەڵ دەوڵەتی کوردستان دا، کەواتە دەستووری عێراق جێبەجێ کراوەو ئەنجامەکانی کە ڕای خەڵکی ئەو ناوچانەیە بەهیچ هێز و دەوڵەتێك هەڵناوەشێتەوە، بەڵکو بووە بە بنەمایەك بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ و لە کۆتاییدا نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتانی جیهان ناچار دەبن کە دان بە ئەنجامەکانی ریفراندۆمدا بنێن، چونکە خەڵکی کەرکووك و خورماتوو و خانەقین و شارەکانی تریش وا دەبینین راپەڕینیان بەرامبەر بە هێزە عێراقییەکان ئەنجام داوە، خۆ ئێستا جاران نییە کەس ئاگای لە رووداوەکان نەبێت، هەموو جیهان چاوی لە (محەمەدی ١٦ ساڵان) بوو کە لە کەرکووک چۆن سنگی نایە بەر گوللەی هێزە عێراقییەکان و ئالای عێراقی لێکردەوە، یاخود شەهید (محەمەد دۆشمەچی ) کە لەژێر ئالای کوردستاندا خۆی فیداکرد، یا ئەو گەنجە چاونەترسانەی دووز کە بەبێ پشتگیری هیچ هێزێك تا دوا هەناسەیان چۆکیان دانەداو بەرگرییان کرد، ئەمە هەموو بەڵگەیە کە کورد چیتر لە ئەنجامەکانی ریفراندۆم کەمتر رازی نابێت. بۆیە وڵاتانی جیهان و نەتەوە یەکگرتووەکان لەوە زیاتر ناتوانن بەرهەڵستکاریی ئیرادەی گەلی کورد بکەن .»

کاڵێ فەقێ وسو ئەندامی سەنتەری دیراسات و توێژینەوە و ئەکادیمیای پارتی، رایوایە: بارودۆخی ئێستای کوردستان تا رادەیەکی زۆر «تێکچوون و شڵەژان و نیگەرانی و نارەحەتی و تووڕەیی» پێوە دیارە، ئەوەش بە «دەرهاویشتە و دەرئەنجامی ئەو کار و هەوڵە تێکدەرانە و دوژمندۆستانەیە بووە کە چەند کەسێک لەپێناو مەرامی شەخسی و بەرژەوەندیی ماددی و ئەو دڵڕەشییەی کە بەرامبەر سەرکەوتنەکانی کوردستان بە رابەرایەتی جەنابی بارزانی هەیانە، ئەنجامیان داوە. گوتیشی: «ئاشکرایە ئێمەی کورد هەوراز و نشێوی زۆرمان بڕیوە و دۆخی ناخۆش و کارەساتی زۆر دڵتەزێنمان بینیون، بەڵام هەمیشە خاوەن وره و ئومێدی زۆریش بووین و نەوەستاوین بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان، بۆیە دڵنیاین ئەو قۆناغە قورس و هەستیارەش بە سەربەرزی کۆتایی پێدێنین. بۆ ئەوەی دەرباز بین پێویستە تەبایی و یەکڕێزی بکەینە بنەما و جارێکیتر هەوڵ بدەینەوە و دەست لەسەر دەست دانەنێین تا بزانین قەدەر بەرەو کوێمان دەبات. بەهۆی ئەو کارە تێکدەرانە و قێزەون و چاوەڕواننەکراوەی ئەو تاقمە دۆڕاوە، کۆمەڵگەی کوردی تووشی دابەشبونێکی نیگەتیف بووە و ئاشتی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی و سیاسی کەوتۆتە بەر هەڕەشە، بەڵام یەکڕێزی و کۆدەنگی فاکتەری سەرەکیی پێشوەچوونەکانن و دەکرێ جارێکیتر هەوڵی بەدەستهێنانی ئەوە بدەین کە لە دەستمان داوە. بۆیە زۆر گرنگە پەلە بکەین و نەوەستین لە هەوڵدان و کارکردن بۆ یەکخستنی ناوماڵی کوردستان، تا هەمووان بۆ پاراستنی شکۆ و بەرژەوەندییە باڵاکانی کوردستان تێبکۆشین.» جەختی لەوەش کردەوە کە «سیاسەت و میدیا دوو فاکتەری زۆر گرنگن کە پێویستە بۆ هێنانەدی ئاشتی و تەبایی و خۆڕاگریی گەل و پاراستنی خاک رۆڵی ئیجابیی خۆیان ببینن و لەخزمەت پێشمەرگە و کوردستاندا بن .»


پەرلەمانتار حەیات مەجید هێما بۆ ئەوە دەکات کە «ئافرەتان لە دۆخە جیاوازەکانی وڵاتدا بەپێی زەروورەتی کات و دۆخەکە لە شەڕ و ئاشتیدا، لە پرسی چارەنووسسازدا، لە بەرپرسیارێتی و حوکمڕانیی وڵاتدا، لە رێکخراوەکان رۆڵیان بینیوە، هەروەها دەڵێت: «ئافرەت لە هەموو کاتێکدا لە بڵاوکردنەوەی پەیامی ئاشتەوایی دەوری بووە، لە ئێستاشدا کە وڵات بە دۆخێکی سەختدا تێپەڕ دەبێت و رۆژ بە رۆژ ژمارەی ئاوارەکان لە زیادبوونە و رەوشی ئەمڕۆی وڵاتیش لە دۆخێکی باشدا نییە، ئافرەتانی ئێمە سەرەڕای هەموو تەنگ و چەڵەمەکان لە ئاست پێویستبوونی قۆناغەکەدان و رۆڵی ئاشتییانەیان دەگێڕن و هەوڵدەدەن بۆ هاوکاریکردنی ئاوارەکان لە رێگەی کەمپین و داڵدەدانی میوانە ئاوارەکانی شەڕ داسەپاو بە سەرماندا و وەکو ئەرکی خانەدانی خانەوادەی کورد بەرامبەر بە میوان و میوانداری رەفتار دەکەن کە هەمووی بۆ رۆڵ و گەورەیی ئافرەت دەگەڕێتەوە کە لە هەموو هەلومەرجێکدا جێ پەنجەی دیارە و هەمیشە پاڵپشت و هاوکار بووە.»





ئەڤین عومەر دەلو :

**راستە بارودۆخەکە ئاڵۆزە و کوردستان بە تەنیایە و شەڕی سێ وڵات دەکات و خەنجەری ژەهراوی خیانەتی ناوخۆیشی لە پشت دراوە، بەڵام دۆخەکە بەم شێوە نامێنێت و رووداوەکان زۆر بە خێرایی گۆڕانکاریان بەسەردا دێت**



کاڵێ فەقێ وسو:

**ئێمەی کورد هەوراز و نشێوی زۆرمان بڕیوە و دۆخی ناخۆش و کارەساتی زۆر دڵتەزێنمان بینیون، بەڵام هەمیشە خاوەن وره و ئومێدی زۆریش بووین و نەوەستاوین بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان**